# بەیاننامەی ڕێکخراو و چالاکوانانی بواری جینۆساید تایبەت بە کارکردن لە گۆڕە بەکۆمەڵەکان




بەپێی بەدواداچوونمان لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوو، تیمێکی وەزارەتی بەرگری عێراق بۆ گەڕان و پشکنین بۆ دۆزینەوەی ونبووانی وڵاتی کوەیت، بە بەکارهێنانی ئامێری قورس شۆفەل و حەفارە بە شێوەی دوور لە زانستی هەڵدانەوەی گۆڕی بە کۆمەڵ کار لە نزیك جێگای گۆڕە بەکۆمەڵەکانی پارێزگای موسەننا (المثنى) تەل شێخیە لە سنووری نوگرەسەلمان دەکەن، بەگوێرەی زانیارییەکان ئەو شوێنە لە چەندین جێگە(موقع) بە دەیان گۆڕی بەکۆمەڵی لێیە و تاکو ئێستا چەندین گۆڕی بەکۆمەڵی قوربانیانی کوردی لێ هەڵدراوەتەوە. لەوانەش ئەو گۆڕەی ڕووفاتی ١٧٢ ئەنفالکراوی تێدا بوو، کە ماوەی زیاتر لە ٥ ساڵی پێچوو تاکو گەڕێنرانەوە بۆ مۆنۆمێنتی ئەنفالکراوان لە چەمچەماڵ.

بە گوێرەی ئەو چەند وێنەیەی بڵاوکراوەتەوە، بەشێوەیەکی زۆر خراپ و نادروست و دوور لە بەها مرۆییەکان مامەڵە لەگەڵ ئەو گۆڕە دەکەن، بەجۆرێک کەلە سەری مرۆڤ لەبن کێڵەی حەفارە بە شکاوی بەدیار دەکەوێت، ئەمانە ڕووفاتی هەر کەسێک بن، وێنایەکی قێزەونە و مامەڵەی نا بەرپرسانەیە لەگەڵ ڕووفاتی قوربانیانی دەست ڕژێمە فاشیستەکەی بەعس. پێویستە مامەڵەیەکی بە کەرامەتەوە لەگەڵ ڕووفاتەکانیان بکرێت. بۆیە ئێمە وەکو ڕێکخراوەکان و نووسەران و چالاکوانانی بواری جینوساید و کەسوکاری ئەنفالکراوان لە کوردستان داواکارین لە:

یەکەم/ سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران هەوڵەکانی بخاتە گەڕ بۆ پاراستنی ئەو گۆڕە بەکۆمەڵانە و گۆڕەکانی تریش کە شوێنەکانیان دیاری کراوە، بەتایبەتی ئەوانەی تەل شێخیە لە نوگرەسەلمان تا ئەو کاتەی هەڵدەدرێنەوە و ڕووفاتی ئازیزیان دەگەرێندرێتەوە کوردستان. پشتیوانی دەزگای شەهیدان و تیمی نیشتمانی گۆڕە بەکۆمەڵەکان بکات بۆ خێرا کردنی پرۆسەی هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان .

دووەم / لە وەزارەتی بەرگری عێراق کارەکانی لەو شێوەیەی کە گوایە بۆ هەڵکەندنی چاڵێک بۆ تەقاندنەوەی چەک و تەقەمەنی پاشماوەی شەڕ بووە لە سنووری تەل شێخییە ڕابگرێت، پرسی گەڕان و پشکنین بە لایەنی پەیوەندیدار بسپێرێت کە فەرمانگەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی سەر بە دەزگای شەهیدانی عێراقە، کە تایبەتمەندە بەم پرسە. لە کاتی کارکردن بۆ گەڕان بەدوای ونبووانی جەنگی کوەیت یان جەنگی ( عێراق ـ کویت) کە لە ڕێگای لیژنەی سێقۆڵی دەکرێت، ئەگەر ڕووفاتی هەر جینۆسایدکراو یان ئەنفالکراوێکیان بەرچاو کەوت، بە پەلە لایەنی پەیوەندیداری لێ ئاگادار بکەنەوە .

سێیەم/ لە دەزگای شەهیدانی عێراقی فیدرال، کار بکات بۆ خێراتر کردنی هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی تری تەل شێخیە، و تیمەکانی فەرمانگەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان بخاتەگەر بۆئەوەی بەزوترین کات ئەو گۆڕانە هەڵبدرێنەوە. دەزگای شەهیدان داوا لە وەزارەتی بەرگری عێراق بکات پرسی گەڕان و پشکنین بەبێ تیمی تایبەتی گۆڕە بەکۆمەڵەکان ئەنجام نەدات.

چوارەم/ وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بەزووترین کات بێتە سەر خەت و لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار بەدواداچوون و ڕێکاری پێویست بگرێتەبەر و ڕێگری لە هەموو هەوڵ و کارێکی نایاسایی و نائاسایی دوور لە بەهای مرۆڤایەتی لە چۆنیەتی هەڵدانەوەی گۆڕەبەکۆمەڵەکان بکات و ئەو کارە ڕابگرێت کە ئێستا دەکرێت، ناڕەزایی خۆی بۆ ئەم پرسە دەرببڕێت .

هەروەها پەیوەندییەکانی وەزارەت لەگەڵ فەرمانگەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان سەر بە دەزگای شەهیدانی عێراق کە لە ئێستادا سستی بەخۆیەوە دەبینێت، کارا بکاتەوە بۆئەوەی ئەندامانی وەزارەتەکە ڕۆڵیان هەبێت لەگەڵ تیمی نیشتمانیی گۆڕە بەکۆمەڵەکان و ICMPسەنتەری نێودەوڵەتی بێسەروشوێنکراوان.

پێویست و زەرورە ئەندامییەتی وەزارەت لە لێژنەی سێقوڵی گەڕان و پشکنین بۆ ونبووانی (جەنگی عێراق ـ ئێران و جەنگی کوەیت) کە لێژنەی خاچی سووری نێودەوڵەتی سەرپەرشیتی دەکات و هەر سێ وڵات لە ڕێگای وەزارەتی تایبەتمەند ئەندامەتییان هەیە کارا بکاتەوە و لە تاکو لە نزیکەوە ئاگاداری چاودێری گەڕان و پشکنین بێت.

پێنجەم / هەڵدانەوەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان، قوربانییەکان لە هەر نەتەوە و ئاینێک بن. پێویستە بەشێوەیەك بێت کەرامەتی مرۆڤ پارێزراو بێت و لەگەڵ پرنسیپە نێودەوڵەتییەکاندا هاوتا بێت و بە بەشداری کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و پسپۆڕانی بیانی بەڕێوە بچێت, بەم شێوەیەی ئێستا تەواو ڕەتکراوەیە.

شەشەم/هەموو گۆڕە بە کۆمەڵەکان، بەتایبەتیش ئەو گۆڕانەی بەپێی ڕاپۆرتی بەشی گۆڕی بەکۆمەڵی CPA ئەمریکی و RCLO دیاریکراون کە لە ١٠٠ جێگە لە ٣٠١ گۆڕی بە کۆمەڵ کە پێشتر نیشانە و هێمایان لە سەر نەخشە بۆ دیاری کرابوو، بە مانگی دەستکرد وێنەی گیراوە، بەڵام عێراق باس لە داتای جۆراجۆر دەکات بۆیە پێویستە ڕووپێوێکی سەرتاسەری لە عێراق بکرێت بۆ دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی گۆڕە بەکۆمەڵەکان، بەتاییەت ئەو ناوچانەی کە گومانی هەبوونی گۆڕی بەکۆمەڵیان لێدەکرێت. یان لەم بارەوە گومان نەهێڵێتەوە.

حەوتەم/ لە پرۆسەی وەرگرتنی سامپڵی خوێن بۆ کەسوکاری قوربانیانی هەموو کەیسەکانی جینۆسایدی فەیلی و بارزانی و هەڵەبجە و ئەنفال و ئێزیدی، پەلە بکرێت. هەروەها هەموو ئەو ڕووفاتانەی کە تا ئێستا هێنراونەتەوە و بڕیار بووە پشکنینی DNAیان بۆ بکرێت. بەتاییەتی بە زووترین کات ئەنجامی پشکنینی ڕووفاتی ١٧٢ ئەنفالکراواکەی چەمچەماڵ ئاشکرا بکرێت، لەگەڵ سامپڵی خوێنی کەسوکاریان بەراورد بکرێت تاوەکو ئەو متمانەیە دروست بێت، کە کارەکانیان ڕاست و دروست و زانستین و لە داهاتووش بە بێ وەرگرتنی سامپڵ لە هەر ڕووفاتێک و دڵنیا نەبوونەوەی لە ناسینەوەی لەلایەن کەسوکاریان ڕادەستی هیچ لایەنێک نەکرێت و پێویستە لێژنەی تاییەتمەند دابنرێت و نوێنەری کەسوکاری قوربانیانی جینۆسایدی تێدا بێ و لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار سەرپەرشتی و چاودێری وەرگرتن و هێنانەوە و ناشتنیان بکات.

هەشتەم / پێویستە یاسای کاروبار و پاراستنی گۆڕە بەکۆمەڵەکان ژمارە ٥ی ساڵی ٢٠٠٦ هەموار کراوی ژمارە ١٣ ساڵی ٢٠١٥ جارێکیتر هەموار بکرێتەوە ومافی گەلی کوردستان تیدا پارێزراو بێت کە خاوەنی زۆرترین قوربانی ناو گۆرەبەکۆمەڵەکانە لە عێراق.

ناوەکان:

-١ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی قوربانیانی کۆرەبەکۆمەڵەکان

-٢ فوئاد عوسمان / رۆژنامەنووس و چالاکوان

-٣ڕێکخراوی کوردستان بێ جینۆساید

٤-تۆڕی ڕێکخراوە کوردستانییەکان بۆ دادگای تاوانی نێو دەوڵەتی

٥-ناوەندی داکۆکی پشدەر بۆ قوربانیان و جینۆسایدکراوان

٦-محەمەد زرنگ چالاکوانی بواری جینۆساید

٧-هەڵمەتی دادپەروەری

٨-جەبار ئەحمەد توێژەر لە بواری جینۆساید

٩-ڕێکخراوی مانەوە بۆ پرسی شەهیدان و ئەنفالکراوان

١٠-ڕۆژنامەی نگرەسەلمان

١١-گۆڤاری تۆبزاوە

١٢-هێمن حەسیب نووسەر و چالاکوانی بواری جینۆساید

١٣-عەلی بەندی چالاکوان و نووسەری بواری جینۆساید

١٤-پاریزەر ئەیاد ئیسماعیل کاکەیی پاریزەر لە دۆسیەی ئەنفال و دۆسیەی بارزانیان لە دادگای باڵای تاوانی عێراق

١٥-تۆڕی ئایکان کوردستان

١٦-سەلاح کەرکوکی چالاکوانی جینۆساید- سوئید

١٧-عەباس هەمزە خدر، دادوەری پێشوو لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق

١٨-ڕێکخراوی قەدەغەکردنی چەکی کۆکوژ لە کوردستان

١٩-عەدالەت عومەر توێژەر لە بواری جینۆساید

٢٠-هەدار زوبێر بارزانی پارێزەری کەیسی ئەنفال و جینۆسایدی بارزانیەکان و پەرلەمانتاری خولی چوارەمی عێراقی

٢١-نازدار ئەسعەد محمود چالاکوانی بواری ئەنفال

-٢٢مەلا شاخی  نووسەر لە بواری جینۆساید

-٢٣رێکخراوی جیهان بێ چەکی کیمیاوی و بایەلۆجی

-٢٤محەمەد حەمە ساڵەح  وەرگێڕ و  توێژەری بواری جینۆساید

-٢٥عادیل مەلا ساڵەح بەڕێوەبەری پەیوەندییەکان و راگەیاندنی وەزارەتی شەهیدان

-٢٦هەڵمەتی ژیان نا بۆ ئیعدام لە کوردستان

-٢٧گەردە مامە حەمە  چالاکوان و بنەماڵەی قوربانی

-٢٨حازم بلەیی نووسەر و چالاکوانی جینۆساید

-٢٩زەمان عەبدە  نووسەرو چالاکوانی بواری ئەنفال

-٣٠رێکخراوی ئەنفالەکانی کوردستان

-٣١دلێر کەریم نووسەر و چالاکوان لە بواری ئەنفال

-٣٢ئیبراهیم هەورامانی  نووسەر و  رۆژنامەنووس

-٣٣لەتیف فاتیح فەرەج  لێکۆڵەر لە بواری جینۆساید

-٣٤ڕۆژان شەهید حەمەڕەش- ئەندامی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان

-٣٥هاوڕێ ئەحمەد مەجید چالاکوانی بواری جینۆساید, کەسوکاری ئەنفال

-٣٦رێکخراوی چاودێری کوردۆساید-کوردستان

-٣٧د. شۆڕش حاجی - لێکۆڵەر لە بواری ئەنفال و جێنۆساید

-٣٨ئەنوەر عومەر سەعید  یاسایی و شارەزا لە پرۆسەی هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکان

-٣٩قاسم کازم چالاکوانی بواری جینۆساید  و کەسوکاری جینۆسایدکراوان

-٤٠سەوسەن محەممەد میرخان، کەسوکاری ئەنفال و سەرۆکی لێژنەی کاروباری شەهیدان، جینۆساید و زیندانیانی سیاسی لەپەرلەمانی کوردستان خولی پێنجەم

-٤١شوان جەلال، کەسوکاری ئەنفال و ڕۆژنامەنووس

-٤٢تاڤگە حمەصالح احمد بەڕێوبەری کاروباری شەهیدان وئەنفالکراوانی کۆیە و ئەندامی ڕێکخراوی کۆژان بۆ پرسی ئەنفال

-٤٣دیاکۆ موراد‌ی -ڕۆژنامەوان و چالاکی مافی مرۆڤ - نۆروێژ

-٤٤ڕێکخراوی چیرۆکەکانی ئەنفال

-٤٥کۆمەڵەی داکۆکی لە پرسی ئەنفال

-٤٦هاوڕێ پێشڕەو پێشمەرگەی دێرین و کەسوکاری ئەنفال

-٤٧عەلی مەحمود محەمەد  چالاکوان لە بواری جینۆساید